# بڕۆ بۆ لای، پێی بڵێ: تۆ لە ئەهلی دۆزەخ نیت، بەڵكو لە ئەهلی بەهەشتیت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێبینی کرد سابتی کوڕی قەیس ئامادە نییە، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من هەواڵیت بۆ دێنم، هات وبینی لە ماڵەوە دانیشتووە، وسەری بەرەو خوارەوە داگرتووە، ووتی: ئەوە چییە؟ -سابت- ووتی: خراپە وشەڕ، -سابت- دەنگی بەرز دەکاتەوە بەشێوەیەک لە سەرەوەی دەنگی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، وکردەوەکانی پوچەڵ بووەتەوە، وئەو لە ئەهلی دۆزەخە. پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی ووت کە -سابت- ئاوا وئاوای وتووە، پیاوەکە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ لای -سابت- بە موژدەیەکی گەورە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «بڕۆ بۆ لای، پێی بڵێ: تۆ لە ئەهلی دۆزەخ نیت، بەڵكو لە ئەهلی بەهەشتیت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێبینی کرد کە سابتی کوڕی قەیس ئامادە نابێت -ڕەزای خوای لێبێت- لەدانیشتنەکاندا، پیاوێک ووتی: من هەواڵیت بۆ دێنم، وهۆکاری ئامادە نەبوونی. ڕۆیشت بینی لە ماڵەوە دانیشتووە و بەغەمباری سەری داگرتووە بەرەو ئاراستەی زەوی، ووتی: ئەوە چییە؟ سابت باسی حاڵی شەڕ وخراپەی خۆی بۆ کرد ؛ چونکە دەنگی لەسەرەوەی ئاستی دەنگی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، وخوای گەورە هەڕەشەی کردووە ؛ هەرکەسێك بەم شێوەیە بێت کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە، وئەو لە ئەهلی دۆزەخە! پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆ باسکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بڕوات بۆ لای سابت وموژدەی پێبدات کە ئەو لە ئەهلی دۆزەخ نییە بەڵکو ئەهلی بەهەشتە. چونکە دەنگی لەسروشتیدا وا بەرز بوو، و وتاربێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەنساڕەکان بوو.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee